# شەونم

هۆنراوەی (65)

فکر بلبل همه آنست که گل شد یارش

دڵی بولبول بەوە خۆشە گوڵی سوورە یاری
کاری گوڵ بۆتە بەکاربردنی عیشوەی کاری
دڵڕفێنی نیە ئەو دابە کە عاشق بکوژن
ئەو کەسە گەورەیە بیبێ خەمی خزمەتکاری
جێیەتی گەر لە دڵی لەعلەوە خوێن قەڵپەزەکا
بێ برەو ما ئەم و قاشوولە هەیە کڕیاری
هاونشینی گوڵە وا بولبولی فێری قسە کرد
تا شەپۆلی غەزەلی بێ لە دەنووکی جاری
دڵی سەد قافڵە هاوڕێیەتی یاری سەفەریم
لە چ جیگایەکە خوایە ببە ئاگاداری
گەر بە نێو کووچەی مەعشووقی مەدا رادەبری
خۆ بپارێزە سەرەشکێنە دەکا دیواری
دڵەکەم! سوحبەتی ئاسوودەگەریت خۆشە بەڵام
خۆشترە حاڵی ئەوین بەرمەدە لانی یاری
سۆفی سەرخۆشی پیاڵێکە دەکا مێزەری لار
دووپیاڵەی دی دەشێوێنی کڵاوی لاری
دڵی حافز لەوەتی ئۆگری رووی تۆیە گوڵم
نازپەروەر بووە واچاکە نەدەی ئازاری

**حافزی حەقیقی**